# من  باپیرم مەیموونە

نووسینی:  جمال علی حلاق

وەرگێر: جیهاد موحەمەد حەمەکەریم

سەرقاڵی خوێندنەوەی پەرتوکێک بووم بە زمانی ئنگلیزی لەسەر تیۆرەی گەشە و هەڵزنانی داروین ـ کە دەڵێت: نزیکترین گیاندار لە مرۆڤەوە مەیموونە، لەبەرئەوە ڕچەڵەکی مرۆڤ دوورنیە لە یەکێک لە جۆرەکانی مەیموونەوە نەبێت. لەپڕ هەواڵێکی پاکستانیم، بە بڕوایەکی کوێرانەوە لێمڕاپەڕی! ووتی: تۆ بەڕاستی باوەڕت بەوە نیە!، بە هێمنی ووتم من بە دڵنیاییەوە بڕوام بەمە هەیە. هەواڵە پاکستانییەکەم وەڵامەکەمی بەلاوە سەیر بوو، دەستیکرد بە باسکردنی چیرۆکی دروستکراوەکان بە پێی تەورات و قورئان، کە چۆن هەموو بوونەکان بە گیانلەبەران و بێگیانەکانەوە خوا بۆ خۆی دروستیکردوون، کاتێک کە خوا ووتوویەتی: ببە، دەستبەجێ بووە(کونی، فکانت).

قسەکەم بە هاواڵە پاکستانیەکەم بڕی و ووتم: تیۆرەی گەشەو گەوەربوون پەیوەندی بەمەوە نیە، داروین لە پەرتوکی ڕچەڵەکی جۆرەکانی گیانلەبەراندا، قسە لەسەر  پرۆسەی یەکەم بوون ناکات، بەڵکو کۆی هەوڵەکانی داروین لێکۆڵینەوەیەک بووە بە بەرنامەیەکی زانستیانە و تاقیکردنەوە لەسەر هەموو ئەو گیانلەبەرانەی کە تا ئێستا بوونیان بەردەوامە لە ژیاندا، زاوزێدەکەن، بەرهەمداران بۆ پاراستنیی جۆرەکانی خۆیان لە پرۆسەیەکی ژیانیی سروشتییدا، ئەوەی کە هەیە لێکۆڵینەوەی لەسەرکردوە و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەشی گەیشتوە بەوەی کە ئەم بوونانە، یان ئەم گیانلەبەرانە بەڕایەڵەیەک دەچنەوە سەریەکتری و لە یەکترییەوە نزیکن و جۆرێک لە پەیوەندی هەیە لە نێوانیاندا، وای بۆ دەرکەوتووە کە پرۆسەی گۆڕانکارییەکان لە ژێر بارودۆخێکی سروشتی دیاردا بووە، بۆشیدەرکەوتووە کە ئەو گەشەو گۆرانکاریانەی بەسەر گیاندارانداا هاتووە بە پێی میکانیزمێکی هەڵبژاردەی سروشتییبووە، واتە ئەوە سروشتبووە کە کاریگەری لەسەر ئەو گەشەو گۆرانکاییانە هەبووە.

لەوکاتەی کە پەرتوکەکەی داروین لە ساڵی **1859** ەوە دەرچووە، جیهان لە تەنگانەو نارەحەتییدایە بەرامبەر بە پشتیوانیکردن لەم هەڵوێستە و دژایەتیکردنیشی، ووتوێژێکی زۆر قوڵ و فراوانی لە خۆگرتووە، هەڵوێستی

شێلگیرانەی بە خۆوە بینیوە، هەروەک هەڵوێستە شێلگیرانەکەی (هکسلي) هەڤاڵی داروین، کاتێک کە بەرامبەر دوانگەی(منبر) ئەو پیاوە دینییە وەستایەوە کە گاڵتەی بەو بیرەکرد کە ڕچەڵەکی مرۆڤ مەیموونبێت، هکسلی ووتی: پێمخۆشترە ڕچەڵەکی من مەیموون بێت، نەک پیاوێک کە قسە لەسەر شتێک دەکات و زانیاریشی لەبارەوە نیە.

بە دڵنیاییەوە، زانایان بەوەوە نەوەستاون کە داروین باسیلێوەکردوە و پێیگەییشتوە، بەڵکو لێکۆڵینەوەیان کردوە لە زۆرێک لەو گۆشەو شوێنانەدا کە داروین دەستیپێڕانەگیشوتوە و ئاگاداری نەبووە، تا تێورییەکە کامڵ بووە، لەگەڵ ئەوەشدا تا هەنووکە زۆرێک لە خەڵک هەن، بەڵکو زۆربەی زۆری خەڵکی سەر ڕووی زەوی، باوەڕیان وایە کە دروستبووەکان بە پێی ئەو میکانیزمە هاتۆتە ئاراوە کە لە پەرتوکە پیرۆزەکاندا ئامژەی پێکراوە، لەگەڵ ئەوەی داروینی بە ڕیشە مەسیحی هیچ دابڕانێکی لە نێوان تێورەکەی خۆی و پەرتوکە پیرۆزەکاندا نەبینیوە، بەڵکو وایبینیوە کە تێورەکەی زیاتربوونی خوای بە لۆژیکتر کردەوە.

بە پێکەنینەوە هەواڵە پاکستانیەکەم پێیبووتم: بەڵام تۆ بۆ خۆت دەتوانیت باپیری خۆت بە مەیموون بزانیت. ووتم: من پەیوەندیم بەو باپیرەمەوە نییە کە پێش سەردەمی عەقڵ ژیاوە، وە پێش ئەوەی بەژنوباڵا و فۆرمی گیانداران و مرۆڤەکان، ئەم بەژنوباڵاو فۆرمانەی ئێستای لە خۆگرتبێت و دروستبووبێت، بۆچی بابەتەکە بەوهەستیبارییەوە وەربگرین!، لەدوجاردا تێورەکە زۆر عاقڵانەیە، زۆر بابەتیانەترە لەو ووتەییەی کە دەڵێت: ببە! دەستبەجێ دەبێت!. هەموو لێتوێژیینەوە زانسییەکان و، هەموو بوون بەبەردەکان(المتحجرات) کە دۆزراونەتەوە بە بەردەوامی ڕاستی تێوریزەکەی داروین دەردەخەن و دەیسەلمێنن، ئەمەش کارێکی وایکرد کە پێگەی پەرتوکە پیرۆزەکان بهێننە لەرزە، باپیرە گەورەم مەیموون بووە یان نا، بڕواموایە ئەو وانەییەی کە ئەمڕۆ گرنگە فێرییبم ئەوەیە کە دەبێت من وەک مەیموون بەردەوامنەبم، بەڵکو وەک مرۆڤ بەردەوامبم.

لە پاشدا چیرۆکی (جەمیل صدقی زهاوی)م گێڕایەوە بۆ هەواڵە پاکستانییەکەم، ئەو شاعیرەی کە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابووە ئەو تیۆرەی داروین لە دووتوێی شیعرەکانیدا بڵاوبکاتەوە بۆ عێراقیەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کە لەسەر ئەم شیعرانە زەهاوی کەوتە بەرهێرش و پەلاماری توندی خەڵکەوە و تا وای لێهات بە کافریان دادەنا و داوایان دەکرد

**ئەم لە ڕێلادەرە بکوژرێت، جەمیل صدقی زهاوی لە ماڵەکەی خۆیدا خۆی حەشاردا لە ترسی هێرشبەران، هیچ کەس نەبوو لەوکۆمەڵگایەدا هاریکاریبکات و پشتیوانیلێبکات، بۆیە لە ماڵەکەی خۆیدا دەمێنێتەوە و خۆی سەرقاڵ دەکات بە تێرامان و خوێندنەوە و جگەرکێشان، چەند ڕادەمێنێ و دەخوێنێتەوە هێندە زیاتر بەدەم ترسی پەلاماردانیەوە خەریکی جگەرەکێشاندەبێت، بە پێی قسەی لێکۆڵەرەوەی فەرنسی (ماسینون) کەهەڤاڵی زهاوی بووە، ڕۆژێک تووتنی جگەرکێشانی لێدەبڕێت، کە تاریکی شەو دادێت لە ژێر پارچەیەک قوماش و تاریکی شەودا خۆی دەگەیەنێتە دوکانی گەڕەکەکەی، لە گەڕانەوەیدا دوای کڕینی تووتنەکەی، لە بەردەرگای ماڵەکەیدا کەسێکی کەتەو زلە، گوندەی گەڕەک(خوشی) ماسولکە ئەستور و سنگدەرپەڕیو، چاوەڕوانیدەکات تا هێرشبکاتە سەری، زهاوی کە دەیبینێت، خۆی لێ گێلدەکات و، دەزانێت کە خەڵک بینیویانەو گوندەیان یان لێئاگادارکردۆتەوە،(ماسینون)وادەگێڕێتەوە کە خەڵکەکە بە گوندەیان ووتوە، کە زهاوی ووتوویەتی: هەمووومان بە گوندەشەوە (خوشی) باپیرمان مەیموونە، کە زهاوی نزیک دەرگای ماڵکەی دەبێتەوە گوندەی کەتە پەلاماری دەدات و وەک فروجێکی بێهێز بەرزی دەکاتەوە و دەڵێت: هەتیو من باپیرم مەیموونە؟!، زهاوی دەڵێت: نەخێر تۆ گەورەییت، باپیریشت پەیامنێری خودایە(رسول الله)، بەڵام من باپیرم مەیموونە.**

**زهاوی وەک چۆلەکەیەکی بچوکی چنگی داڵێك بە دەست (خوشی)ەوە بەرزکراوەتەوە، کە (خوشی) دەیتوانی بیکوژێت بێئەوەی کەس بەرامبەریی بوەستێتەوە لە ناو ئەو کۆمەڵگایەدا، یان دادگاییبکرێت لە لایەن دادگای دەوڵەتەوە، بە پێچەوانەوە، لەوانەبوو خەڵکی لە تەکیەکان و خانەقاکان و مزگەوت و گەڕەکانەوە(خوشی) بخەنە سەرشانیان و وەک پاڵەوان ناوی بەرن، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە زهاوی بە عەقڵی گەورەی خۆی توانی خۆی لە نینۆکە تیژەکانی ئەو داڵە زلە ڕزگاربکات، زهاوی توانی یەکێک لە میکانیزمە سروشتیەکان هەڵبژێرێت بۆ پاراستنی گیانی خۆیی و بەردەوامی لە ژیاندا، زهاوی توانی فێڵ لە عەقڵی(خوشی) و عەقڵی ژاوەژاوکەرانی خەڵکی نەفام بکات کە دەیانویست زهاوی بکوژن، بەم جۆرە بە ئەزموونی خۆی توانی هەڵبژادەیەکی سروشتی بکات لەو هەڵباژاردانەی کە هەبوون، بەمەش هەڵبژاردەی سروشتی بۆ گەشە و گەورەبوون و بەردەوامی ژیانی گیانداران وەک لە تیۆرییەکەی داروینیدا هاتووە زیاتر لای زهاوی بەرجەستەتر بوو، وای لێکرد کە زیاتر مکوڕیی بکات لەسەر ڕاوبۆچوونی خۆی: کە باپیرم مەیموونە، هەروەک چۆن تۆوێک لە ئاو و هەوایەکی گونجاودا گەشەدەکات و**

دەگۆڕدرێت بۆ درەختێک. مەسەلەکە لێرەدا ئەوە نیە کە ڕچەڵەکی مرۆڤ مەیموونە بەقەدەر ئەوەی کە مەسەلەکە مەسەلەی بیرکردنەوە و تێڕامان و لێکۆڵینەوەی زانستیانەیە بۆ گەشە و گەورەبوونی گیانلەبەران، و هەوڵدانێکی لۆژیکیانە و عاقڵانەیە بۆ دروستبوونی گەردون، بۆ ئەوەی کە ئەو یاسایە بدۆزرێتەوە کە گەردون بەهۆیەوە دروستبووە و پێکهاتنی خۆی کامڵکردوە بە کۆمەڵێک میکانیزم، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە دروستبوونی گەردون و ژیان لەم گەردونەدا دوورە لە ئەفسانەو سحر و ڕمڵ لێدان و پێشبینییە بێبناغە زانستییەکانەوە.